# ئایا ئەوەی ئێستا دەرهەق بەمن دەکرێ بە حەزرەتی عیسا کراوە.؟

ئارەزوو نوری

کەرکوک

www.arazunure@yahoo.com



"داربزماران" ئەو دارەی کە تەمەنی بۆ 200ساڵ دەچێو بە دارێکی پیرۆز ناسراوە, لەبەر ئەوەی بە سەیرکردنی سەرت سوڕدەمێنێو هەزارو یەك پرسیارت لەبارەیەوە لا دروست دەبێ, چونکە دارێکەو بە بزمار داڕێژراوەو ئێستاش بەردەوام بزماری لێدەدرێت, خەڵکی پێیان وایە ئەم دارە ئەگەر ئەو کەسەی ددانی یاخود سەری ژان بکات ئەوە دەڕۆنو فاتیحایەك لەسەری دەخوێننو بزمارێك دادەکوتن ئیتر ئێشی نامێنێ, بەندە هەر کە ئەوەم بیست کەوتمە رێو رۆیشتم بەرەو گوندی دار بزماران کە "6"کیلۆ مەتر لە سەلاحەدینەوە دوورەو دەکەوێتە سەر رێگا کۆنەکەی "هەولێر– شەقڵاوە"و لەنێوان گوندی "زیارەت"و گوندی "سەرسور"یە, گوندەکەش بەناوی دار بزماران کراوتەوەو لەساڵانی "87"و "88" لەلایەن رژێمی بەعس رووخاوەو تێکدراوەو سوتێنراوە.



خەڵکی گوندی داربزماران"هەرکین"و بەرژەوەندی ژیانیان دەکەوێتە سەر مەڕو ماڵات.هەروەها خەڵکیی گوندەکە پێیان وایە ئەم دارە زۆر پیرۆزەو پیرۆزییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی باوو باپیرانیان شەڕی ئەسحابەو کافران لەسەر ئەو شەقامە کراوەو ئیتر لەو کاتەوەو لەوەتەی ئەم دارە شین بووە.. ئەوەی بەو رێگایەدا تێپەڕدەبێت ئەوا بزمارێك لەو دارە دەدا بۆ سەر ئێشانو ددان ئێشانو بالوکە. هەروەها پێیان وایە دیاردەی ئەم بزمار لێدانە دەگەڕێتەوە بۆ سێ پشت بەر لەخۆیان ئەم کارە کراوەو بۆ ئێستا ماوەتەوە.



–سەیر لەوەدایە کە ئەم دارە دووجار لەلایەن رژێمی بەعس سووتاوە لەگەڵ گوندەکەو تەمەنی دووسەدساڵەو بە بزمار دارێژراوەو کەچی هەر زیاتر شین و دیمەنی جوانتر دەبێت, کە ئەویش دار "بەڕو"ەو 10 مەترێك لە جادەکەوە دوورەو دوکانێکی شیرینی و ساردەمەنی دەکەوێتە تەنیشتی بۆ پشووی خەڵکی و کڕینی شیرینی بۆ بەخشین بەسەر خەڵکیدا.

–لەوە سەیرتر کە دەتڕوانیە ئەو دارە چیت لێی بەدی دەکرد.. کاتی کافرت بیر دێتەوە کە چۆن حەزرەتی عیسایان بێ بەزەییانە بە بزمار هەڵواسی و کەچی ئەم دارەش بە سەیرکردنی وا هەستت دەکرد خۆی قسەو هاوار دەکات و دەڵێ: "پێم بڵێن گەر تاوانم هەیە..؟بڵێن هۆی داکوتینی ئەو هەموو بزمارە لەجەستەی مندا چیە.؟ بۆچ ئێشی خۆتان بەمن دەردەبڕن.؟ ئەدی نازانن منیش ئازارم هەیەو ئێوەش زیاتر ئازارم دەدەن. رۆحم بەدەستی ئێوەی(عەقڵ نەزۆکەوە) رۆژ بەرۆژ بەرەو سیس بوون دەڕوا.. دەئێوەش رەحمێ بکەن و چاوێك هەڵبڕن بزانن چی لەمن بەدی دەکەن, ئایا ئەوەی ئێستا دەرهەق بەمن دەکرێ بە حەزرەتی (عیسا) کراوە؟, ئەو هەموو بزمارەی رۆژانە لەمن دەدرێ تاوان نییە.؟".

---

تێبینی:

–بە هاوکاری خاڵۆم"دارا ئیسماعیل کاوانی"گەیشتمە ئەو گوندە..

–لە "کاك رەزاق عەبدوڵڵا ئەحمەد" کە خاوەن دوکانەکەیەوماڵی لەنێو گوندەکەیە زانیارییەکانمان بەدەست کەوت.